له هەڵبژاردنی پارلمانیی فینلەنددا:

## دەنگ بدەین بە ئازادی و یەکسانی و مرۆڤدۆستی

## دەنگ بدەین بە سۆران زەکی.




ئەگەر ئەتانەوێ چیتر وەک بیانی سەیر نەکرێین و بە ئیقامەی جۆراوجۆر و بە بێبەریکردن لە مافی هاووڵاتیتی، مافە ئینسانییەکانمان زیاتر و زیاتر سنووردار نەکرێن. ئەگەر ئەتانەوێ چیتر یۆرۆی هاووڵاتیانی ژن 80 سێنت نەبێت، ئەگەر ئەتانەوێ سەعاتکاری ڕۆژانە ببێتە 6 کاتژمێر و کاتێکی زیاترتان بەدەستەوە بێت بۆ ژیانێکی ئاسایی و دوور لە چەرمەسەری و ڕاکەڕاکە و چنگەکرێی نان پەیداکردن.

ئەگەر شانسی کارپەیداکردنتان بووە و ئەتانەوێ کەمتر بەرێوەبەرایەتی باج گیرفانی هەژارانەت داتەکێنێت و کەمتر لەلایەن کوێخا خاوەنکارەوە گوشارتان بخرێتە سەر. ئەگەر ئەتانەوێ ئەو مافە ئینسانیانەی هەشن لە کیس نەچن، و ئەگەر ئەتانەوێ لە ژیانێکی ئاسودەتر بەهرەمەند بن و خزمەتگوزارییە ناکافییەکانی شارەوانییەکان نەخرێنە دەمی تیمساحی کەرتی تایبەتی قەت تێرنەخۆرەوە. ئەگەر ئەتانەوێ پرۆسەی داخستنی باخچەکانی ساوایان و قوتابخانەکان کۆتایی پێبێت و مافی خوێندنی بەخۆرایی لە ئایندەشدا بۆ هەمووان مسۆگەر بێت. ئەگەرئەتانەوێ ماڵی بێڕەونەقی بەساڵاچووان و بیمەی بێکارییە نەبووەکەی بێکاران و یارمەتی خانەنشینە فەرامۆشکراوەکان و یارمەتی بژیوی بەرێوەبەرایەتی کۆمەلایەتی و خزمەتگوزارییە گشتییەکانی تر لە هێرشی بێبەزەییانەی حیزبگەلی سەرمایەداران بپارێزرێن. ئەگەر ئەتانەوێ لە ڕێگەی پارلمانی فینلەندەوە کاریگەریمان هەبێت بۆ باشتر کردنی ژیانی هەژارانەی خەڵکی کوردستان و سەربەخۆیی و کۆتاییهێنان بە چەوساندنەوەی نەتەوایەتی، **بە پاڵێوراوی حیزبی کۆمۆنیستی فینلەند، بە سۆران زەکی دەنگ بدەن.**

**سۆران زەکی پاڵێوراوە لە پارێزگای Uusimaa. هاووڵاتیانی دانیشتووی شار و شارۆچکەکانی خوارەوە دەتوانن بە ناوبراو دەنگ بدەن. هەروەها هاووڵاتیانی دەرەوەی وڵاتیش.**

Askola, Espoo, Hanko, Hyvinkää, Inkoo, Järvenpää, Karjaa, Karjalohja, Karkkila, Kauniainen, Kerava, Kirkkonummi, Lapinjärvi, Liljendal, Lohja, Loviisa, Myrskylä, Mäntsälä, Nummi-Pusula, Nurmijärvi, Pernaja, Pohja, Pornainen, Porvoon, Pukkila, Ruotsinpyhtää, Sammatti, Sipoo, Siuntio, Tammisaari, Tuusula, Vantaa Vihdin kaupungit ja kunnat

**www.skp.fi/uusimaa**